
# سەماحەتی حەکیم گرنگی پارێزگای سلێمانی لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێم دووپات دەکاتەوە




لەدەستپێکی سێیەمین ڕۆژی گەشتەکەی بۆ پارێزگای سلێمانی، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز هەڤاڵ ئەبو بەکر پارێزگاری سلێمانی و هەردووجێگرەکەی هەروەها چاوی کەوت بە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی چەند دەزگایەکی خزمەتگوزاری لە سلێمانی کەوت.

سەماحەتی لەم دیدارە دووپاتی کردەوە کە بەهای شاری سلێمانی بەهای خۆی هەیە و لەڕووی ئەو فرەییەی لە ئامێزی گرتوە و ئاماژەی بە پێگەی جوگرافی کرد کە دەتوانێت ببێتە پردێکی پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمدا.

سەماحەتی جەختی کردەوە کە پێویستە گفتوگۆی نێوخۆیی لە هەرێم ئەکتیف بکرێت و گرنگیشە حکومەتی هەرێم بە زووترین کات پێ بهێنرێت و هەروەها باسی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی کوردستانی کرد.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە پێویستە گەڕان بەدوای چارەسەری دیکە هەبێت بۆ ئەوەی دادپەروەری کۆمەلایەتی بهێت دی و ژیان گوزەرانی خەڵك گەرەنتی بکرێت و دووپاتی کردەوەش کە ئەوە دەروازەی ڕاستەقینەیە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکان و خۆش گوزەرانی.

لەکۆتاییدا سەماحەتی گوتی عێراق بەردەوامە لە پێشکەوتن هەر چەندە ئەوەش بەپێی خواستەکانمان نییە، دووپاتیشی کردەوە کە هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی هەمیشە لە هەموو بوارەکان پالپشتی هەرێمی کوردستان دەکات.